# گەل ڕۆژی
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٧٠) یەکشەممە ٢٠٠٧/٣/١٨


## هیلاری: ئەگەر لە عێراقیش پاشەکشەش بکەین کوردستان دەپارێزین

هیلاری کلینتن بەهێزترین کاندیدی دیموکراتخوازەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ٢٠٠٨ی ئەمریکا، ڕایگەیاند: ئەگەر سوپای ئەمریکا لە عێراقیش پاشەکشەش بکات، بۆ پاراستنی کوردەکان لە هەرێمەکە دەمێنێتەوە.

هیلاری کلینتن ئاشکرای کردووە ئەگەر ئەو هەڵبژێردرا هێزەکان لە عێراق دەکشێتەوە، بەڵام بۆ پاراستنی کوردەکان لە ئەگەری هەر چەشنە هێرشێک نوێنەرانی سیاسی و سەرباز لەم بەشەدا دەهێڵێتەوە.

ئەوەی شیاوی باسە دەرکەوتووە کە تەنیا تورکیا بەردەوام هەڕەشە لە کوردستان دەکات و بەردەوام هەوڵدەدا ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشی بۆ بکات، هەندێجار ئەو گفتوگۆیانە لەنێو پەرلەمانی ئەو وڵاتە باسیان لێوە کراوە.

# هەڵەبجە، سومبولی نەتەوەییەو بە ساردی یادی دەکرێتەوە

کاتژمێر دەی رۆژی ١٦-٣-٢٠٠٧ لە نۆزدەهەمین ساڵیادی ژەهربارانکردنی شاری هەڵەبجەدا کە پێنج هەزار مرۆڤی سڤیل گیانیان لەدەست دابوو، دە هەزاری دیکەش زامدار ببوون، کەسوکاری قوربانیەکان بەرێپێوانێکی هێمنانە بەرەو گڵکۆی شەهیدان رۆیشتن و تاجە گوڵینەیان لەسەر گڵکۆی خۆشەویستانی خۆیان دانا، دواتر بەهۆی رەوشی باراناویەوە مەراسیمی یادکردنەوەکەیان بۆ هۆڵی ئەحمەد موختار جافی ئەو شارە لە بیرکراوەدا گواستەوەو لەوێ لەکاتژمێر یازدەو نیو مەراسیمی رێزگرتنیان بەرێوەبرد. بنەماڵەی قوربانیەکان لەنێو خەم و حەسەرەتەکانی خۆیاندا یادی خۆشەویستانی خۆیان دەکردەوە ، زۆرلێکراوی و ستەملێکراوی شارەکەیان دووپات دەکردەوەو گلەیی ئەوەیان دەکرد کە بۆچی بە ساردوسڕی ساڵیادی ئەو کارەساتە دەکرێتەوە ، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەڵەبجە بۆتە سومبولی نەتەوەیی کوردو جیهانیانیش بەسای هەڵەبجەوە کوردو کوردستان دەناسن و هاوسۆزیان لەگەڵدا دەکەن ، بۆیە وادەخوازێ کە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت ساڵانە بۆخۆیان مەراسیمی یادکردنەوە پێکبهێنن و بەرێزو شکۆوە یادی ئەو شەهیدانە بکەنەوە کە لەبەر کوردستانی بوونیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە ژەهرباران کران و شەهیدکران .

ئەم ساڵ هیچ یەک لە بەرپرسە باڵاکانی کوردستان بەشداریان لە مەراسیمی یادکردنەوەکەدا نەکردبوو ، نەچووبوونە سەر گڵکۆی شەهیدان ، ئەمەش گلەیی و نارەزایی خەڵکی شاری هەڵەبجە لێکەوتەوە ، ئەوان سەرسوڕماوانە دەیانپرسی بۆچی دەیانەوێ لە بایەخی ئەو شارە کەمبکرێتەوە !! .

ئەوەی شیاوی باسە دوای نۆزدە ساڵ لە کیمیابارانکردنی شارەکە هێشتا کەلاوەیی پێوە دیارەو وەکو پێویست ئاوری لێنەدراوەتەوە و پرۆژەی خزمەتگوزاری پێویستی بۆ جێبەجێ نەکراوە ، بەو هۆیەوە لە نۆزدەهەمین ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا دانیشتووانەکەی دەخوازن کە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاوڕیان لێبدەنەوە ، ئەوانەی بەر چەکی کیمیاوی کەوتوون چارەسەر بکرێن، ئەگەر پێویست بکات رەوانەی دەرەوە بکرێن ، نەخۆشخانەی تایبەت لە شارەکەدا دروست بکرێ ، هەوڵی زیندووکردنەوەی شارەکە بدرێ . هەندێک لە خەڵکی شارەکە گلەیی ئەوەیان دەکرد کە بۆچی هەوڵی چاکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی مۆنۆمێنتی شەهیدان نەدراوە کە لە ئاکامی ڕووداوەکەی پارساڵ سووتێندرابوو ؟!



## ئۆلمێرت دان بەشکستی خۆی دەنێ



ئیهود ئۆلمێرت سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل دانی بەوەداناوەکە بەهۆی هێرشەکانی بۆ سەر لوبنان و ناکامی شەڕکردنی لەگەڵ حزبوڵڵاداناوبانگی لەنێو جەماوەردا لەکورتی داوە ، ئەمەش وای لێدەکات چاو بەسیاسەتەکانی خۆی دا بخشێنێتەوە.

کۆمیتەی لێکۆڵینەوەلەهێرش و شەڕەکەی ساڵی رابردوو مانگی نیسان راپۆرتەکەی خۆیان سەبارەت بەراپەڕاندنی ئەرکەکان و رۆڵی ئۆلمێرت ئاشکرا دەکەن ، بەڵام هەر لەئێستاوەئاشکرابووەکەرێژەی لایەنگرانی سەرۆکوەزیران لەکورتی داوە، هەوادارانی کەم بوونەوتەوە.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایەکەراپۆرتەکەزۆر بەتووندی رەخنەی لەئۆلمێرت گرتووە، ئەگەر ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیەئاشکرا بکرێ ، ریسوایی بۆ کابینەکەی ئۆلمێرت دەمێنێتەوە، لەوانەیەداوای هەڵبژانێکی پێشت وەخت بکرێ کەئەمەش بەزیانی ئۆلمێرت و پارتەکەی تەواو دەبێ .

ئۆلمێرت لە کۆبوونەوەی حزبی کادیمای نێوەراست دانی بەوەداناوەکەئەو سەرۆکوەزیرانەو پێگەی لەنێو جەماوەردا لەکورتی داوە، بەڵام لەم کاتەشدا ئامادەنیە دەست لەکارەکەی بکێشێتەوە.

دوای شکستەکانی ئیسرائیل لەگەڵ حزبوڵڵادا هەریەکەلەئۆلمێرت و عەمیر بیرتیسی وەزیری بەرگری و سەرکردەکانی دیکەی سوپا ناویان زڕاوەو پێگەی جەماوەریان روو لەنشێوە.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ لەشەڕی ئیسرائیل حزبوڵڵادا ١١٧ سەرباز و ٤١ وڵاتیی سڤیل و ١٢٠٠ لوبنانی گیان لەدەست دابوو ، بەمەش ئیسرائیل دۆڕابوو ، زیانی زۆری لێکەوتبوو ، ئەم ئاکامەکاریگەری نەرێی لەسەر رای خەڵک داناوەو بەرپرسەکان بەکەمتەرخەم و نەزان دادەنێن و ناخۆشیان دەوێن .

## کوردانی رۆژئاوا

## نوێنەرایەتی دەرەوە پێکدەهێنن

رۆژی ١٥-٣-٢٠٠٧ یازدە رێکخراوو پارتی سیاسی رۆژئاوای کوردستان لەشاری پاریس، پێتەختی وڵاتی فەرەنسا لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵاتیان راگەیاند.

بۆ یەکەمین جار لەمێژووی سیاسی رۆژئاوای کوردستاندا یازدە لایەنی سیاسی لەپێتەختی فەرەنسادا بەبۆنەی ساڵیادی سەرهەڵدانی قامیشلۆ رۆژی ١٤-٣-٢٠٠٧ کۆبوونەوە، دوای دوو رۆژی کاری بەردەوام، رۆژی ١٥-٣-٢٠٠٧ لەبارەگای سێناتی فەرەنسا کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیان پێکهێناو رایانگەیاند کەئەوان لەمەودوا کاری هاوبەش بەرێوەدەبەن .

لەئاکامی کۆمجڤینەکەدا لایەنە سیاسیەکان لەراگەیاندراوێکی ١٣ خاڵیدا ئاشکرایان کردووە کەکۆمیتەکی پێنج کەسیان پێکهێناوەو راسپێردراون لەماوەی شەش مانگدا دەستووری کاری هاوبەش ئامادە بکەن .

لایەنە سیاسیەکان لەحکومەتی سوریا دەخوازن کەچیتر مافی مرۆڤ پێشێل نەکرێ و ئەوانیش بتوانن ئازادانە کاری سیاسی بکەن و کێشەی کوردیش لەرێگەی ئاشتیانەو دیموکراتیانە چارەسەر بکرێ .

## رۆژەڤ

گێژاوو تەنگژەکانی عێراق هێندەئاڵۆز و تێکچڕژاون کەبەرەو بنەست هەنگاو دەهاوێژن ، لەو پێوەندیەدا هێزەسوننیەکان و هاوپەیمانانی وڵاتانی عەرەبی بەدوای دەریچەیەکی گونجاو دەگەڕێن ، ئەو دەریچەیەش لەپێکهێنانی هاوپەیمانیەتێکی دیکەی بەهێز دەبیننەوەکەبکارێ حکومەتی ئێستا هەڵوەشێنێتەوەو دەستەڵات بۆ ئەوان بگێڕێتەوە. ئەوان دڵنیان بەبێ بەشداریکردنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەو کارەیان بۆ ناچێتەسەرو ئەو هاوپەیمانیەتیەیان بۆ دروست ناکرێ ، لەو رەوەندەدا هەوڵ و کۆششی خۆیان بۆ رازیکردنی کورد دەست پێکردووە. تەنانەت هەندێ لەچاودێران پێیانوایەکە سەردانی زەلمای خەلیلزادی بالیۆزی ئەمریکا لەبەغداد و ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی ئەلعێراقیەبۆ هەرێمی کورستان و دواتریش بانگهێشتکردنی فەرمی دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو چوارچێوەیەدا نەخشەی بۆ کێشرابوو کەهاوکاتیسەردانەکانی ئەیاد عەلاوی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق بۆ وڵاتانی کەنداو بوو، لەئاکامدا لەعەرەبستانی سعودی یەکیان گرتەوە.

حکومەتی ئەمریکاو میرنشینەکانی کەنداوو شانشینی عەرەبستانی سعودی و ئوردەن و تورکیاش مەیلی زیاتریان بەلای هێزەسوننیەکانەوەیەو دەیانەوێ ئەوان دەستەڵاتی بەغداد وەربگرنەوە، بەڵام ئایا گێڕانەوەی دەستەڵات بۆ سوننەکەپێکهاتەی کەمینەن لەبەرژەوەندی گەلانی عێراق و گەلی و کوردستان دایەیان نا ؟؟

ئایا ئەگەر عێراق بەرەو پێگەی عەرەبی بگەڕێتەوەو وەکو جاران سیمای خۆی وەربگرێتەوەهەڵوێستی گەلی کوردستان و شیعەکان چی دەبێ؟؟ ئایا ئەوان پشتیوانی لەو حکومەتەدەکەن کەدرێژەپێدەری هەمان ژیری و لۆژیکی فەرمانڕەوایانی پێشوو دەبێ؟؟

بێگومان گەڕانەوەی عێراق بۆ باوەشی وڵاتانی عەرەبی و خولانەوەی لەبازنەی بیری تەسکی عەرەبچێتیدا نەک هەر لەبەرژەوەندی کورد و شیعەدا نیە، بەڵکو زیان بەخشەو هەمووان تێیدا زەرەرمەند دەبن ، بەوهۆیەوەزۆر گرنگ و پێویستەکەلیستی هاوپەیمانی کوردستان خۆشباوەڕانەنەخزێتەنێو یاری دەوڵەتانی عەرەبی ، ئەو دەوڵەتانەی کەتا دوایین وێستگەپشتیوانیان لەکردەوەو تاوانەکانی رژێمی سەدام کرد، لەبەرانبەر ئەنفالکردنی کوردان و بەسوتماککردنی کوردستان ورتەیان لێوەنەهات!

لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگ و متمانەی زۆرینەی کوردستانیانی وەرگرتووە، دەبێ لەئاست ئەو متمانەو بڕوایەدا رەفتار بکات ، بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان سەر پشک بکات و باوەڕ بەبەڵێنەکانی دۆڕاوان نەکات ، ئەوانەی لەکاتی تەنگانەدا هەزاران بەڵێنی رەنگاو رەنگ دەدەن، بەڵام کاتێ دەگەنەدەستەڵات سەدو هەشتا پلەبادەدەنەوەو دژایەتی خۆیان بۆ ماف و داخوازیەکانی گەلی کوردستان دووپات دەکەنەوە. مێژووی دەساڵی رابردوو باشترین بەڵگەیە، هێزەسوننیەکان، ئەوانەی لەرژێمی سەدام زیز ببوون ، پەنایان بۆ کوردستان هێنابوو ، پێشوازیان لێکرابوو ، بەپشتیوانی و تیشکی سەوزی کورد پلەو پۆستی کۆنگرەی نیشتمانی و ئەنجوومەنی کاتی فەرمانڕەواییان پێبڕا بوو ، کەچی لەیەکەمین دەرفەتدا پاشگەزبوونەوەو دژایەتی خۆیان دووپات کردەوە، بۆیەمێژوو دەخوازێ کەهێزەسیاسیەکانی کوردستان وردبیانەو سەردەمانەو لێزانانەرەوشەکەبخوێننەوەو کایەی تێدا بکەن .

## لەم ژمارەیەدا


ل٣
ئەمریکا لەتەنگژەی راستین نزیک دەبێتەوە

ل٥
چەند قسەیەکی نوێ لەسەر مێژووی نەورۆز

ل٦
کارەساتەکان مێژووی تەمەنم دەگێڕنەوە

ل٧
تاریق عەزیز شایەت، یان تاوانبار!


